ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**یاهوو مەسەنجێر.**

نووسەر: :@

پرۆگرامەکانی گفتووگۆ و یەکتر ناسین لە سەر ئینتەرنێت ڕۆڵێکی زۆر بەربەڵاویان هەیە لە گەشە پێدان و چالاکتر کردنی گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان.
پرۆگرام بۆ گفتووگۆ و دەمەتەقێکردن زۆرە، لەوانە Yahoo Messenger، MSN Messengr و هتد ...
من لەم وانەیەدا هەوڵ ئەدەم پرۆگرامی یاهوو مەسەنجێر شیبکەمەوە بە شێوەیەکی گشتیی و وردی. هیوادارم سوودی هەبێت.
پێش هەموو شتێک گەر پرۆگرامەکەت نییە، دەتوانی لەم بەستەرە دایبگریت.
http://messenger.yahoo.com
کرتە بکە سەر Download Now بۆ داگرتن.




لە پەنجەرەی داهاتوودا کرتە بکە سەر Install Yahoo Messenger.




ئەگەر پەنجەرەیەکی دیالۆگی دێتە پێشەوە، Yes کرتە بکە.




لە پەنجەرەی دواتردا Next کرتە بکە1.




پاشان شیوەی پەنجەرەکە دەگۆڕدرێ بۆ شیوەی خوارەوە.




2> داگرتنی پرۆگرامەکە وەک ئەوەی کە یاهوو دەیەوێ. لەگەڵ پرۆگرامەکەدا Yahoo Toolbar و Yahoo Extras دادەمەزرێت.
ئەگەر ئەوەت پێویستە، دەتوانی Typical هەڵبژێری.
بەڵام من ئەوەم پێ باش نییە، چوونکە دەمەوێ تەنیا یاهوو مەسەنجێر دابگرم، بۆیە Custom هەڵدەبژێرم.
4> یاهوو بکە بە گەڕۆکی ئینتەرنێتەکەت، گەر ئەو خاڵە چالاک بێت پێش دامەزراندنی پرۆگرامەکە، گەڕۆکی ئاسایی ئینتەرنێت دۆزەرەکەت دەبێت بە یاهوو و لەڕێگەی یاهووەوە بەدوای شتەکاندا دەگەڕێی.
5> پەڕەی سەرەتای Internet Explorer بکە بە یاهوو.
6> یاهوو بکە بە پرۆگرامی ئاسایی بۆ خوێندنەوە و ناردنی پەیامە ئەلەکتۆنیەکان.
Next کرتە بکە.
لە پەنجەرەی داهاتوودا Yahoo Messenger - Instant Messaging چالاک بکە و Next کرتە بکە.




Yes, I Accept The Terms Of This Agreement چالاک بکە و کرتە بکە سەر Next.




جارێکی دیکە کرتە بکە سەر Next بۆ بەردەوامبوون.




بەو شێوە داگرتنی پرۆگرامەکە دەست پێدەکات و هەندێک چاوەڕوانبە تا تەواوبوون. خاوی یان خێرایی داگرتن پەیوەندیدارە بە خێرایی هێڵی ئینتەرنێتی خۆتەوە.




داگرتن و دامەزراندن بەردەوام دەبێت.




پاش تەواوبوونی داگرتن و دامەزراندن، پەنجەرەیەکی لەم شێوەیەت بۆ دێتە پێشێ.




14> ئەو پرۆگرامەی کە دامزراوە، ئەویش Yahoo Messengerـە.
15> ئەوانەش کە دانەمەزراون.
16> Launch Yahoo Messenger چالاک بکە و پاشان کرتە بکە سەر Finish و پرۆگرامەکە خۆی پاش داخستنی ئەو پەنجەرەیە دەکرێتەوە.




18> ئەگەر پێشتر پۆستی ئەلەکترۆنی یاهوو ت نییە، کرتە بکە سەر Get a Yahoo ID. بۆ دروستکردنی دەنکێک.
19> ئەگەر هەتە، لە خانەی Yahoo ID نازناوەکەت بنووسە و لە Passwordیش وشەی تێپەڕبوون.
21> بە چالاک کردنی ئەو خاڵە، نازناو و وشەی تێپەڕبوونت پاشەکەوت دەبێت و بۆ جارانی داهاتوو پێویست بە نووسینی ناکەیتەوە.
22> ئەگەر Automatically Sign In چالاک بکەیت، پرۆگرامەکە خۆی هەموو جارێک کە ڕۆیشتیتە نێو ئینتەرنێت، دەچێتە ژوورەوە لە یاهوو مەسەنجێر، بەڵام لە کاتێکدا گار یاهوو مەسەنجێر کراوە بێت.
23> چوونە ژوورەوە وەک نەبینراو. (گەر دەتەوێ خۆت لە هاوڕێکانت بشاریتەوە).
24> چوونەژوورەوە.
25> هەڵوەشاندنەوە.
26> یارمەتی یاهوو.
پاش ئەوەی کە چوویتەژوورەوە ، پەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامی یاهوو مەنجێر بەم شێوەیە دەبێت.




27> ئەو کەسانەی کە لەسەر هێڵن یان نین.
28> ناو زۆرکردن.
29> نووسینی پەیامێک بۆ کەسەی کە لەسەر هێڵە.
30> دەمەتەقێ / چات، چوونەژوورەوە بۆ ژوورەکانی یاهوو بۆ دەمەتەقێ یان چاتکردن.
31> ئەگەر پێتخۆشە لە هەمان کاتدا گوێبیستی گۆرانی بیت، دەتوانی کرتە بکە سەر یەکێک لەو ڕادیۆوانە و گوێبیستی بیت.
ئەگەر کەسێک لەسەرهێڵ بوو دەتوانی چی لەگەڵ بکەی؟




بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەک بکە سەر ناوی ئەو کەسەی کە لەسەرهێڵە، لیستەیەکی وەک ئەوەی سەرەوەت بۆ دەکرێتەوە.

32> نووسینی پەیام بۆ ئەو کەسە و ئەویش لەهەمان کاتدا دەتوانێ ڕاستەوخۆ وەڵامت بۆ بنووسێتەوە.

33> تەلەفۆن کردن بۆ ئەو کەسە لەڕێی ئینتەرنێتەوە، بە پارەیە.

34> زانیاری لە سەر ئەو کەسە.

35> زانیاری لە سەر ئەو کەسە، ئەو زانیاریانەی کە نووسیویەتی سەبارەت بە خۆی لە کاتی ناو تۆمارکردن لە یاهوو دا.

36> ئەرشیفی پەیامەکان، لاکاتێکدا چالاک دەبێت کە خۆت لە تایبەتمەندیەکانی یاهوو مەسەنجێردا چالاکت کردبێت. گەر دەتەوێ چالاکی بکەیت، بەم شیوەیەیە. لیستەی Messenger پاشان Prefrences و کرتە بکە سەر Archive و Enable Archiving چالاک بکە.

37> ناردنی پەڕگەیەک > وێنە، گۆرانی پرۆگرام و هتد ...

38> گفتووگۆکردن لەگەڵ ئەو کەسە لە ڕێی مایکروفۆنەوە.

39> سڕینەوەی ئەو کەسە لە لیستەی هاڤاڵەکانت لە یاهوو مەسەنجێر.

لەم هەنگاوەدا پەنجەرەی تایبەت بە گفتووگۆکردن شیدەکەمەو، بۆ نموونە ئەگەر لە لیستەی سەرەوە کرتەت کردبێتە سەر Send An Instant Message، پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە.




<40 دەستپێکردنی ناردنی وێبکام/یان کامێرای وێب بۆ بینینی یەکتر.
<41 یاریکردن لەگەڵ ئەو کەسەت کە گفتووگۆی لەگەڵ دەکەیت.
<42 دەستپێکردنی قسەکردن لەڕێی مایکروفۆنەوە.
<43 پەڕگە ناردن.
<44 پیشاندانی وێنە بۆ یەکتر. وێنەکانی یاهوو یان وێنە ناردن لە نێو کۆمپیوتەرەکەی خۆتەوە.
<45 دروستکردنی ژوورێکی کۆنفرانس کە زۆرتر لە 2 کەس دەتوانن تێدا گفتووگۆ بکەن.
<46 گەڕان لە یاهوو. <47 ئەو بەشە پەنجەرەیەی کە نووسینەکانتانی تێدا دەردەکەوێت.
<48 وێنەی ئەو کەسەی کە گفتووگۆی لەگەڵ دەکەی، گەر وێنەی دانابێ بۆ خۆی.
<49 ناردنی وێنەیەک یان پەیامێکی کورتی دەنگی کە بە زمانی ئینگلیزیە و هی پرۆگرامەکە خۆیەتی.
<50 ئەو شوێنەی کە تۆ نووسینەکانتی تێدا دەنووسی و دەێنری بۆ بەرامبەرەکەت.
<51 SavePeople2005 Is Typing A Message، مانای وایە کە کەسی بەرامبەر خەریکی پەیام نووسینە بۆت.
<52 وێنەی خۆت.

______ شیکردنەوەی ڕێکخستنەکانی یاهوو مەسەنجێر.

لە لیستەکانی پرۆگرامەکە لە سەرەوە کرتە بکە سەر Messenger و پاشان Preferences - Ctrl+Shift+P.




پەنجەرەیەکی وەک ئەمەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە.




لە بەشی لای ڕاستدا کرتە بکە سەر General.
53> کردنەوەی یاهوو مەسنجێر لەکاتی هەڵکردنی ویندۆزدا. پێم باشە ئەو خاڵە ناچالاک بکرێت، چونکە هەڵکردنی کۆمپیوتەر خاودەکەنەوە.
54> ئەگەر ئەو خاڵەی پێشووت ناچالاک نەکرد، ئەم خاڵەیان دەڵێت کە یاهوو مەسەنجێر چاوەڕوان بێت تا دەچێتە نێوە ئینتەرنێت و پاشان ئەویش بچێتەژوورەوە.
55> دەستپێکردنی LAUNCHcast، کە بەشی موزیکی یاهووە و لەوێدا دەتوانی گوێبیستی گۆرانی بیانی بیت.
56> پەنجەرەی یاهوو مەسەنجێر هەمیشە لەسەرووی پەنجەرەی پرۆگرامەکانی دیکە بێت.
57> کاتێک کە کرتە دەکەیتە سەر بەستەرێک لە پەنجەرەیەکی گفتووگۆدا لە پەنجەرەیەکی نوێدا بکرێتەوە.
58> ئەگەر بەستەرەکە بەستەرێکی یاهوو بوو، بچۆژوورەوە بۆ بێ پرسین بەدوای نازناو و وشەی تێپەڕبوون/ئەو نازناو و وشەی تێپەڕبوونە بەکار دەبات کە لە مەسنجێر بەکارت بردووە.
59> پیشاندانی یارمەتی یاهوو لە لیستەی هاوڕیکانتدا.
60> ئەگەر دەتەوێ تایبەتمەندی مۆبایل چالاک بکەیت، لەوێ کرت بکە.
لەهەمان پەنجەرەدا کرتە بکە سەر File Transfer.




<62 کاتێک کە کەسانی دیکە پەڕگەم بۆ دەنێرن، پرسیارم لێبکە بۆ قبووڵ کردن پێش داگرتن. (پێم چاکە وابێت).
<63 کاتێک کەسانی دیکە هەوڵ دەدەن پەڕگە لەمنەوە ببەن، پرسیارم لێبکە بۆ قبووڵ کردن لە پێشدا. (پێم چاکە وابێت).
<64 ئەو شوێنەی کە پەڕگە وەرگیراوەکانی تێیچیت.
<65 ئەو شوێنەی کە پەڕگەی لێوە دەنێری.
<66 پەنجەرەیەکی ئاستی پەڕگە ناردن بکرێتەوە کاتێک کەسێک پەڕگە لەتۆوە دادەگرێت. (پێم چاکە وابێت).
<67 ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەیەک کاتدا دەتوانن پەڕگەت لێوەرگرن. (پێم چاکە وابێت، چونکە گەر زۆری بکەیت، لەوانەیە ئینتەرنێتەکەت بۆ بینینی پەڕەکانی ئینتەرنێت لەوکاتەدا خاو بکاتەوە).
<68 پۆرتی بەکاربراو 80. (پێم چاکە وابێت).
<69 چێکردنی ئەو پەڕگانەی کە وەریان دەگریت لە ڤایرۆس.
<70 OK کرتە بکە بۆ داخستنی پەنجەرەی ڕێکخستنەکانی یاهوو مەسەنجێر.
کۆتایی.

Oct 2005 13

The Gordon Hand Clinic
Renowned - Experienced - Innovative Hand Microsurgeon Leonard Gordon

Chin Bar
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

Ads by Google